# ئیبن عومەر دەستەکانی پێش ئەژنۆکانی لەسەر زەوی دادەنا (لە کاتی چوون بۆ سوجدەبردن)، و(ئیبن عومەر) دەیووت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئەم شێوازەی ئەنجامدەدا

لە نافیعەوە -ڕەحمەتی خوای لێبێت- دەڵێت: «ئیبن عومەر دەستەکانی پێش ئەژنۆکانی لەسەر زەوی دادەنا (لە کاتی چوون بۆ سوجدەبردن)»، و(ئیبن عومەر -عبداللەی کوڕی عومەر-) دەیووت: «پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئەم شێوازەی ئەنجامدەدا».

[صەحیحە] [ئیبنو خوزەیمە گێڕاویەتیەوە]

فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە نوێژخوێن دەستەکانی لە پێش ئەژنۆکانی لەسەر زەوی دادەنێت لە کاتی چوون بۆ سوجدەبردن، بەڵام ئەمە پێچەوانەی فەرموودەی وائیلی کوڕی حیجرە -ڕەزای خوای لێبێت- کە نوێژخوێن کاتێک دەچێت بۆ سوجدەبردن دەبێت ئەژنۆکانی لە پێش دەستەکانی لەسەر زەوی دابنێت. وئەم بابەتە ئیجتیهادیە وبە پێی کۆششی زانایان مەسەلەکە فراوانە؛ بۆیە هەندێک لە زانایان بژاردەیان داوەتە نوێژخوێنان بۆ ئەنجامدانی هەرکامێکیان بێت، یان لەوەیە بەهۆی لاوازی هەردوو فەرموودەکە بێت یان لەوەیە بەهۆی پێچەوانەی هەردوو فەرموودەکە بێت ونەتوانرێت یەکێک بە پەسەندتر لەوی تر دابنرێت؛ وسەرەنجام: بابەتەکە فراوانە ونوێژخوێن بژاردە لای خۆیەتی بۆ ئەنجامدانی هەرکامیان بێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10940

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee